# ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە بەهێزکردنی بەهای هاوڵاتیبوون و دروستکردنی رایگشتی لە دەڤەری راپەڕین (توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانیە)

**ID No. 687**

(PP 22 - 33)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.4.2

**دانا عوسمان حسێن**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان/ هەولێر

Dana.othman@cihanuniversity.edu.iq

**وەگــــــرتن : 2022/10/16**

**پەسندكردن : 2022/11/16**

**بڵاوكردنەوە : 2023/09/27**

**پوختە**

لە هەر شوێنێك كۆمەڵگا هەبێت ڕایگشتی بوونی هەیە، بەڵام هێزو تواناو سروشتی پێکهاتنی دەگۆڕێت بەگوێرەی ئاستی وشیاری و پێشكەوتنی شارستانی ئەو كۆمەڵگایە و پاشان سۆشیال میدیا وەك گەورەترین كاریگەر رۆڵی خۆی لەناو كۆمەڵگادا دەبێنێتەوە. ڕایگشتی ڕەنگدانەوەی خواستەكانی جەماوەرو پێداویستی ئامانج و تێڕوانینەكانیانە، دیدگای بەشێكی بەرچاوی خەڵكە دەربارەی كێشەو گیرو گرفتەكانی هەر كۆمەڵگایەك، بە دادوەری كۆمەڵایەتی هەر كۆمەڵگایەكی خودئاگادا دەبینرێت، هەلومەرجی كۆمەڵایەتی هەر كۆمەڵگایەك دا دەكات كە تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایە گرنگی بە ڕوداو پێشهاتێك بدەن كە مایەی پەرۆشی و تێڕوانینیانە، لە جیهانی ئەمڕۆشدا ڕایگشتی و سۆشیال میدیا گرنگیەكی زۆریان هەیە بۆ بەهێزكردن و دروستبوونی بەهای هاوڵاتی و گەشەكردن و فراوانبوونی سیستەمەكانی دەسەڵاتداری و بیروباوەڕی خەڵك بە تایبەتی لە سیستەمە دیموكراسیەكاندا، هەروەها پێویستی بە بەشداری پێكردنی ڕایگشتی وەك بەخشەرێك بۆ دەربڕینی خواستەكان بە ئازادی لە كاروبارو دروست كردنی بڕیاردا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ دروست بوونی ئەم چەمكە بە شێوەیەكی ڕاست و دروست كۆمەڵێك كۆسپ و ئاستەنگ دێتە ڕێگای، كە لەوانەیە ئاڕاستەی بگۆڕێت .

**کلیلە وشەییەکان**: رۆڵ ، سۆشیال میدیا ، بەهای هاوڵاتیبوون، رایگشتی.

## پێشەکی:

سۆشیاڵ میدیا لە رۆژگاری ئەمڕۆدا كاریگەری زۆری لەسەر ژیانی تاكەكان دروووستكردووە، هەر بۆیە سۆشیال میدیا چیتر زاراوەیەكی فەنتازی نییە، بەڵكو پێویستییەكی گرنگە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بۆ تاكەكانی كۆمەڵگەدا، بە هەمان شێوە گرنگی سۆشیاڵ میدیا لە ژیانماندا ئێستا جێگەی پرسیار نییە. بۆ زۆربەمان سۆشیاڵ میدیا بەشێكی گرنگی ژیانمانە. بەكارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا بە شێوەیەكی بەرچاو بەرز دەبنەوە و خەریكە داینامیكی كارلێكی كۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بە بەهێزكردنیان. لە كۆمەڵگادا ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا زۆر گرنگە، چونكە میدیا هۆشیاری دروست دەكات و تێڕوانین بۆ خەڵک دەگۆڕێت و یارمەتیدەرە لە بڕیاردان. سۆشیاڵ میدیا بە دارِشتنی شێوازی گواستنەوەی زانیاری بۆ ڕایگشتی، بۆتە دەنگی خەڵک. لێرەوە دەكرێت ئاماژە بەوە بكرێت و بپرسین ئایا سۆشیاڵ میدیا رۆڵی هەبووە لە بەهێزكردنی بەهای هاوڵاتیبوون لە دروستكردنی رایگشتی، توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە دەڤەری راپەڕینی دیاریكردووە كە بەشێوازێكی شیكاری و مەیدانی لەسەر رۆڵی سوشیاڵ میدیا و گرنگی هاوڵاتیبوون و دروستكردنی رایگشتی دەكۆڵێتەوە.

### چوارچێوەی توێژینەوە

### 2-1. ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (رۆڵی سۆشیال میدیا لە بەهێزکردنی بەهای هاوڵاتیبوون و دروستکردنی رایگشتی لە دەڤەری راپەڕین)، مەبەستی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیە قسەكردنە لەسەر رۆڵی سۆشیال میدیا و بەهای هاوڵاتیبوون لەلایەك و دروستكردنی رایگشتی لە دەڤەری راپەڕین لەلایەكی دیكەوە .

3-1. هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەكە

لەدوای بەرفراوان بوون و کاریگەری سۆشیال میدیا لەهەرێمی کوردستاندا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دروستبوونی چەند جۆرێك لە تاك، لەبەرامبەر ئەرکەکانیاندا، نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە سۆشیال میدیا و چۆنیەتی وەرگرتن و دانەوەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە چەندین بەرکەوتە و لایەنی خراپی لێکەوتۆتەوە، هەر بۆیە ئێستاش ئەم کێشەیە بووتە باسو خواستێکی گەرموگوری یاساناسانو شارەزایانی رۆژنامەنوسیی بوارەکە.

1-4. کێشەو توێژینەوەکە

لەدرێژەی باسەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵو تەقەلای توێژەر لەپێناو گەڕان بەدوای دۆزینەوەو ئاشکراکردنی وەڵامی گریمانەو پرسیارگەلێك دەخرێتەگەر، لەبارەی رۆڵی سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر بەهای هاوڵاتیبوون، هەروەها بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت لەرێگای توێژینەوەکەوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە.

1-5. پرسیارەکانی توێژینەوەیە

1- رۆڵی سۆشیال میدیا چیە لە دروستبوون و بەرەوپێشبردنی تاکی کورد؟

2- تا چەند سۆشیال میدیا توانیویەتی رۆڵێکی ئەرێنی ببینێ لە ناوچەکەدا؟

3- ئایا بەهای هاوڵاتیبوون چ پەیوەندیەکی بە رۆڵی سۆشیال میدیاوە هەیە؟

**1-6. بایەخی توێژینەوەکە**

گرنگیو بایەخی توێژینەوە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێـت کە ئاخۆ ئەو باسە چەند کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەو تاکەکانی هەیە، بایەخی توێژینەوەی زانستی لەو ئامانجە گشتیو تایبەتیانەوەیە کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدرێت، بەو پێیەی توێژینەوەی زانستی بەشێوەیەکی گشتی وەکو بوارێکی تایبەتمەند ئامانجی گشتیو هاوبەشی بۆ تەواوی جۆرەکانی توێژینەوەو بوارەکانی هەیە.

بەبێ توێژینەوەی زانستی ناتوانرێت لەکێشەکانی کۆمەڵگاو بەرەوپێشچوونیو هۆکارەکانی دواکەوتووی هیچ قسەیەکی زانستی بکرێت، بۆیە توێژینەوەی زانستی بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەکانداو نیشاندانی گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا.

1-7. ئامانجی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی لەمڕۆدا، بەرەو تایبەتمەندبوونو چارەسەرکردنی وردەکاری بەدرێژی، هەنگاودەنێت، هەروا تیشکدەخاتە سەر هۆکارو چۆنێتی کارو ئەنجامەکانی، ئامانجی دەرخستنی راستیەك یان دانانی چارەسەرە بۆ کێشەیەك. بۆیە توێژەر دەبێت لەرێگەی ئەو پرسیارو گریمانانەی دەیانخاتەڕو ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بهێنێتەدی.

ئەم تۆێژینەوەیە لەپێناو گەیشتن بەچەند ئامانجێك نوسراوە، لەوانە:

1- ناساندنی رۆڵی سۆشیال میدیا و دەرخستنی کاریگەریەکی بەهێز و ئاراستەکراو بۆ هاوڵاتیان لەماوەیەکی کەمدا.
2- خستنەرووی رۆڵی سۆشیال میدیا لە دروستبوونی رای گشتی لەناو هاوڵاتیاندا.
3- هەڵسەنگاندنی بەهای هاوڵاتیبوونی دەڤەری راپەڕین لەلایەك و ئەو کاریگەریانەی کە ئاراستەی دەگۆرن بەهۆی سۆشیال میدیاوە لەلایەکی تر.

**1-8. میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەرووی میتۆدەوە بەوەسفیو روپێویکردن دەژمێردرێت، کە میتۆدی (وەسفی) ئامانجی وێناکردنو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنو وێناکردنی دیاردەیەکە، یان هەڵوێستێکی دیاریکراو دەستنیشاندەکات لەسەر تایبەتمەندیی دیاریکراوو لەفاکتە چەسپاوە پەیوەندداەکان بەسروشتیی ئەو دیاردەیەوە، دەکۆڵێتەوە، وەکو جەختکردنە سەر وەسفی تەواو و وردی دیاردەکە لەماوەی زەمەنیی زانراودا لەپێناو گەیشتن بەئەنجامە زانستییەکان، هەروا لێکدانەوەیان بەرێگەی بابەتیی، کە لەگەڵ پێدراوە کرداریەکانی دیاردەکە بگونجێت، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەم میتۆدەی توێژینەوە بەستوە تاکو بەزانیارییە پەیوەندیدارەکان  تایبەت رۆل و کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر بەهێزبوونی رایگشتی و هاوڵاتیبوون.

ئەم توێژینەوەیە لەرێگەی رووپێویکردنەوە هەوڵیداوە لەپرسی رۆڵی سۆشیال میدیاو کاریگەری لەسەر دروستبوونی بەهای هاوڵاتیبوون بکۆڵێتەوە، لەبەرئەوە زانیاریو داتای پێویستی لەسەر بابەتەکە کۆکردۆتەوە.

1-9. رێگەو کەرەستەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر ئەم رێگەو کەرەستانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێناوە:

1- تێبینیکردن: رێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. سودی زۆری لێوەردەگیرێت، کە لەکۆکردنەوەی زانیارییدا، لەهۆکارەکانی دیکە وەرناگیرێت، هەروا دەرفەت بەتوێژەر دەدات سەرنجی رەفتارو پەیوەندییەکانو کارلێکی لێکۆڵراوان کەشی

سروشتی بێ جیاكردنەوە لەكۆمەڵگەی توێژینەوە بدات، بەو پێیەی لێكۆڵراوان بەوە نازانن كە رەفتارو پەیوەندیو بارودۆخی رۆژانەیان لەژێر چاودێریو پشكنینداپە، لێرەدا تێبینەر دەتوانێت بەبێ دەستوەردانی هەر هێزێكی دەرەكی، بارودۆخی لێكۆڵراوان ببینێتو لەسەر كێشەكانیان بزانێت.

2- فۆرمی راپرسی (Questionnaire): دەتوانرێت پێناسەی فۆرمی راپرسی بكرێت بەوەی كۆمەڵێك پرسیارو بەدواداچوونی هەمەجۆرە كە پەیوەندییان بەیەكترەوە هەیە، بەشێوەیەك ئەو ئامانجانە بێنێتەدی كە توێژەر لەتوێژینەوەكەیدا بەپێی ئەو كێشەیەی هەڵبژاردوە بۆ توێژینەوەكەی بەدەستیبێنێت، هەروەها ناردنی ئەو بەدواداچوونو نووسراوانە بۆ كۆمەڵێك لەو تاكانەی كە توێژەر وەك نمونەیەك بۆ توێژینەوەكەی هەڵبژاردوون، ژمارەی پرسیارەكان بەپێی سروشتی بابەتەكە دەكرێت زۆر یان كەم بن، بەمەرجێك ئامانجی توێژینەوەكەو ئەو لایەنە پێویستانە بەدیبهێنێت كە توێژەر لەچارەسەركردنی كێشەكەدا جێبەجێیدەكات.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا چەند برگەی پەیوەندیداری بەبابەتی توێژینەوەكە  خستۆتەڕوو، برگەكان تاڕادەیەكی زۆر پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، مەبەستیش لێیان بەدەستهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكەیە كە لەكێشەو گریمانەكانیەوە هاتوونەتە ئارا، بەسەر (60) كەسی دانیشتوی دەڤەری راپەڕین دابەش كردووە  لە(5) ناوچەی ئەو دەڤەرەدا، (54) فۆرم گەڕێنراونەتەوە، لەفۆرمە گەڕێنراوەكان (2) فۆرم برگەیەك یان زیاتریان تێدا وەڵامنەدراوەتەوە، بۆیە خرانە لاوەو تەنها (54) فۆرم مایەوە، بڕوانە خشتەی (1) .

**خشتەی (1)  ناوو ژمارەی ناوچەكان و ژمارەی ئەو فۆرمانەی بەسەریاندا دابەشكراوە**

| ژ | ناوچە | ژمارەی فۆرم |
|---|---|---|
| 1 | قەزای ڕانیە | 20 |
| 2 | قەزای حاجی ئاوا | 15 |
| 3 | قەزای قەڵادزێ | 8 |
| 4 | ناحیەی سەنگەسەر | 5 |
| 5 | ناحیەی سەروچاوە | 6 |
| كۆی گشتی | | 54 |

**1-10. بوارو سنورەكانی توێژینەوەكە**

1- بواری شوێن: دەڤەری ڕاپەڕین دەگرێتەوەو بواری جوگرافی توێژینەوەكەیە. ناوچەكانیش بریتین لە: قەزای ڕانیە - قەزای حاجی ئاوا - قەزای قەڵادزێ - ناحیەی سەنگەسەر - ناحیەی سەروچاوە

2- بواری مرۆیی: لەم بوارەی توێژینەوەكەدا (54) هاوڵاتی دانیشتووی دەڤەرەكە وەرگیراون.

1-11. كۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەكە

دەڤەری ڕاپەڕین، هاوڵاتیان ئەو (5) ناوچەیە، وەكو نمونە هەڵبژێردراون.  وەرگرتنی ئەو (5) ناوچەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بەسەنتەر و ناوەندی ناوچەكە ئەژمار دەكرێن.

1-12. ناساندنی چەمكەكان

ڕۆڵ: بریتیەلە سیستمی ئاراستەكردنی گشتی بۆتاكی كارا كەڕێكدەخرێت لەبارەی پێشبینی كردنی گروپ لەپەیوەندی و كارلێكردنەكانی لەگەڵ گروپەكانی دیكە لەچوارچێوەی پێوەر و بەهاییەكانی لەپرۆسەی كارلێك بەڕێوەی دەبات كەواتە ڕۆڵ ڕەفتار و كردەوەی تاكە لەهەڵوێستێكی دیاریكراودا پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دیاریدەكات .

سۆشیال میدیا : ئەو ئامرازە پەیوەندییەیە كەلەلایەن ملیۆنان لەمرۆڤەكاندا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێكدێ، هەروەها هونەری گرتن و پێكهێنانی چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە.

هاوڵاتیبون: بەواتای پەیوەندی مرۆڤ دێت بەو ژینگەیەوە كە تیایدا ئەژێت، یاخود بەو شێوین و نشیتمانەی كە لێیەوە هاتۆتە سەر زەمین.

رای گشتی: بریتییە لە تێڕوانینی زۆرینە بەرامبەر بە كێشەیەك یان بابەتێكی دیاریكراو لە زەمەنێكی دیاریكراودا، كە پەیوەستە بە جەماوەرەوە بۆ گفتوگۆكردن و گەڕان بەدوای چارەسەرێكدا كە بەرژەوەندی گشتی بەدیبهێنێت.

1. **کورتەیەك لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا**

جیهان سێ شۆڕشی بەخۆیەوە بینیەوە بۆ پاراستنی زانیارییەکان و گواستنەوە و دەستەبەرکردنیان، یەکەمیان پێش هەزار ساڵ لەپەیداکردنی ووشەی نوسراودا بووە، دووەمیشیان پێش سەدان ساڵ لە داهێنانی چاپ، سێیەمیان ئێستا لەسایەیدا دەژین ئەویش شۆڕشی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیایە بەتایبەتی تر . ئینتەرنێت وەك دەرهاویشتەیەکی شەڕی سارد هاتە ئاراوە لەنێوان هەردوو بلوکی سوسیالیستی و خۆرائاوادا، بەتایبەت لەساڵی 1969 کاتێك لەسەر داوای ئیدارەی ئەمریکا، ئاژانسی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پرۆژە پێشکەوتووەکانی (area) دانا، توانی چوار تۆڕی کۆمپیوتەری پێکەوە ببەستێتەوە و بەسەر چوار ناوچەی جیهاندا دابەشی بکات، ئەم هەنگاوە لەوکاتەدا ناونرا (arbanet) سەرەتا بە (ئارپانێت) ناوبرابوو، ڕایەڵەی ئارپا لەساڵی 1969 دا بوونی خۆی ڕاگەیاند کەرایەڵەی تایبەتی زانیارییەکانی پنتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا) بووە، ئەمریکیەکان لەمەترسی هێرشی یەکێتی سۆڤیەتدا دایانمەزراند. (الدلیمی، 2001: 341)

**1-2. هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا**

دوای ئەو فراوانبوونەی کەلەتۆڕی ئینتەرنێتدا هاتە ئاراوە، بووبە هۆی گۆڕانکاری لەشێوازی کۆمۆنیکەیشندا و نێرەر و وەرگر لە قۆناغێکی نوێتردا زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن لەچوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا .

(ئەندریەس کابلان و مایکل) بەم جۆرە پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتەیکان دەکەن: کۆمەڵێك کاری پراکتیکیە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت، کەبنەمای سەرەکی کارکردنی لەسەر تەکنەلۆژیای وێب، ئەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان بلۆگەرەکاندا. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، هۆکارێکی ڕاگەیاندنی کارلێکراوی کۆمەڵایەتین، بووەتە هۆی بەرەو پێشچوونی زیاتری بواری ماس کۆمۆنیکەیشن، لەو ڕێگایەوە بلۆگەر دەتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی پێکەوە ببەستێت، هەروەها بەهۆی ئەم تۆڕانە پەیوەندی نێوان تاکەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەکان ڕێك دەخرێت. هەروەها لەپێناسەیەکی تردا کە توێژەرانی ئێرانی کردوویانە، دەڵێن: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای (web) بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان کەسەکان، ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتەیانە بوونەتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان بەکارهێنەرەکانیدا .(الدلیمی، 2001: 341)

تۆڕە کۆمەڵایەتەیەکان، بازدانێکی بەهێز و گەورە بوو لەئینتەرنێتدا هاتە ئاراوە، بوویە هۆی دروستبوونی ڕۆژنامەگەریەکی کارلێکراو (الصحافة التفاعلیة)، ئەم جۆرە لەرۆژنامەگەریش شێوازێکی جیاوازی کاری راگەیاندنە، چونکە ژمارەیەکی زۆر بلۆگەر بەشداری دەکەن لەو زانیارییانەی کەلەئنتەرنێتدا بڵاو دەبێتەوە .

زۆرێك لەسەرچاوەکان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەراگەیاندنی نوێ ناو دەبەن، کە هەریەکە لەتویتەرTwitter ، فەیسبووكFace book، مایی سپەیس My space دەگرێتەوە، هۆکارێکی گرنگی بواری ماس کۆمۆنیکەیشنن، کاریگەری دوور مەودامان هەیە لەو هەڵمەتە جیاوازانەی کەئەنجام دەدرێن، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی وێبەکانەوە . ئەم جۆرە لەراگەیاندن ئەم ناوانەی لەخۆدەگرێت (الاعلام الرقمي، الاعلام التفاعلي، اعلام المعلومات، اعلام الوسائط المتعدده، الاعلام الشبكي الحي على خطوط الاتصالonline Media ، الاعلام السيبروني Cyber Media والاعلام التشعيبي Hyper Media. زاهیر زازی/ لەپێناسەیەکی تردا دەڵێت (پێگە کۆمەڵایەتیەکان تۆڕێکی ئەلکترۆنیە گرنگی دەدات بەبەشداریدان کەتیایدا پێگەی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن لەورێگەیەوە پەیوەندیەکان خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا ڕێك بخەن . ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە ناسراون و بەکارهێنەریان زیارترە) . (الدلیمی، 2001: 341)

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەجیهاندا بەگشتی روویاندا گەشەیەکی بەرچاویانکرد، زۆرێك لەپسپۆڕانی بواری ئینتەرنێت و میدیا پێیانوایە کەئەم جۆرە راگەیاندنە ڕۆڵی بەرچاوی پەیداکرد دوای ئەو ڕووداوانەی کەلەجیهانی عەرەبیدا روویاندا، هەندێکیش لەپسپۆڕانیش بەدروستکەری ڕووداوەکانی دەزانن . وڵاتی تونس سەرەتای ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە بەشۆڕشی یاسەمین ناسرا، چونکە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری ئەو جۆرە راگەیاندنە کۆبوویەوە، ئەو جەماوەرەی توانی دەربچێت لەو وتارەی کە ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە هەیبوو، بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوونە ناوەندی کۆکەرەوەی ئەو جەماوەرە و بەرەو پێشچوونی زیاتری گۆڕانکارییەکان و دروست بوون و چیرۆکردنی و ڕێکخستنی شۆڕشەکە .(الدلیمی، 2001: 341)

**2-2. تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا :**

1. جیهانیە

2. کارلێك دەکات
3. هەمە جۆری لەبەکارهێناندا
4. ئاسانی بەکارهێنانی

**3. جۆرەکانی ڕایگشتی:**

ئەگەر ڕایگشتی لە ئەنجامی تێهەڵکێشبوونی ڕای کۆمەڵە دەبێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لەسەر دەمێکی دیاریکراویشدا، ئەوە بە هۆی هەمە جۆری کۆمەڵەکان و هەمە چەشنی بابەتەکانەوەیە، کە دەبێتە جەمسەری چالاکی و بایەخدانیان. هەر ئەوەشە دەبێتە مایەی هەمە جۆری ئەم دیاردەیە بە ڕادەیەك ئەم هەمە جۆری یە کاردەکاتە سەر هەمە چەشنی دەستەو تاقم و کۆمەڵەکان، جگە لە گۆڕانی شوێن و جێگەکان بۆیە ڕایگشتی پۆلێن دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا.

3-1. جۆرەکانی ڕایگشتی بە پێی بواری بڵاوبوونەوە:

ئەم پۆلێنکردنەی ڕایگشتی زیاترپشت دەبەستێت بەو بنچینانەوە کە پابەندن بە ڕادەی بڵاوبوونەوەوە لە ڕووەکانی شوێن و دەستەو چینەوە یاخود لە ڕووی پیشەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی ئەم جۆرە ڕاگشتیانەوە کە ئەمانەن.:

1- ڕایگشتی ناوچەیی یان نیشتمانی :ئەم جۆرە زۆرتر لەناو هاوڵاتیانی نیشتماندا بڵاودەبێتەوە لە بارەی دۆزێکی گشتیەوە کە زۆرینەی هاوڵاتیان دەگرێتەوە، جۆرەکانیشی لەم نموونانەدا دەبینرێن

أ-ڕایگشتی سەندیکایی ب- ڕایگشتی حزبی ج- ڕایگشتی هەمە جۆر

2- ڕایگشتی هەرێمی: ئەو ڕا باوەیە کە لە نێوان کۆمەڵێك گەلانی دراوسێدا بەدی دەکرێ کە لە ڕووی جوگرافیەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر دۆزێك یا زیاتر ململانێ لە نێوانیاندا گەرم بێت، لە ئەنجامیشدا کار لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشیان یان بەهای مرۆڤایەتیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکات.

3- ڕایگشتی نێودەوڵەتی: مەبەست لەو ڕایگشتی یە جیهانی یان نێودەوڵەتی ڕای گەلانە نەك ڕای حکومەتەکان، ئەم ڕایەش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی هەندێ لەو دۆزینەوە دێت کە گەلانی جیهان هەموو بایەخی پێدەدەن، لەوانە جەنگ و کاولکاری و یان ئەو کارەساتانەی بەدوایدا دێن، وەك (دۆزی مافی مرۆڤ و ئەو پێشێلکارییانەی لە ئەنجامی ژینگەوە سەرهەڵدەدەن کە هەرەشە لە هەموو ئادەمیزاد دەکەن).

**2-3. ڕایگشتی لە ڕووی کات و بەردەوامبوونەوە :**

ئەم جۆرەی ڕایگشتی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە: (ڕوستی، 2007: 28)

1- ڕایگشتی کاتی: ئەم ڕایە دروست دەبێت لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراوەکان کە پرۆگرامی تایبەتیان هەیە کە ڕێنوێنی خەڵك دەکەن و دەیان وروژێنێت لە پێناو بەرژەوەندیەکی دیاریکراودا و لە کاتێکی دیاریکراودا یان لە ئەنجامی ڕوودانی ڕووداوێك دروست دەبێت بۆ کاتێکی دیاریکراو لە کاتی ڕوودانەکەدا دروست دەبێت و دوای ڕووداوەکە نامێنێ.

2- ڕایگشتی بەردەوام (هەمیشەی): مەبەست لەم جۆرە ڕایە کە جێگیرترە پەیوەندیدارە بەو لایەنانەی کە جێگیرن لە ژیانی کۆمەڵ وەك (نەتەوە، ئاین، ئەخلاق، دادوەرییەکان) واتە پشت بە بنەمای مێژوویی و ئاینی و کلتوری دەبەستێ و زۆرینە لەسەری کۆکن زۆرجار ڕوداوە ئاساییەکان ڕۆڵیان دەبێت لە گۆڕینی ئەم جۆرە ڕایەدا، هەندێ لە بیرمەندان پێیان وایە ئەم جۆرە ڕایە نزیکە لە باوەڕ وەك ڕایگشتی، لەبەر ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕایگشتی ئامادەییە بۆ گۆڕان.

3- ڕایگشتی ڕۆژانە: ئەم جۆرە ڕایە زۆرتر ڕۆژنامەکان لەسەری دەژین، مەبەست لێی ئەو جۆرە ڕایەیە کە ڕۆژنامەکان زۆر جار ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن ڕایگشتی ڕۆژانەی پێ دروست دەبێت و دەیکەنە مانشێت و بابەتی جۆراوجۆری لە بارەوە بۆ دادەنێن ئەم جۆرە ڕایە بەپێی ڕووداوی ڕۆژانە گۆڕانی بەسەردا دێت، ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵ دەبینێت لە دروست کردن و گۆڕینی ئەم جۆرە ڕایەی ڕۆژانەدا.

**3-3. ڕایگشتی لە ڕووی دەرکەوتن و شاراوەیی :**

ئەم جۆرە ڕایەش دوو جۆرە:

1- ڕایگشتی ئاشکرا (دیار) یان دەرکەوتە: ئەو ڕایەیە کە جەماوەر دەتوانێت گوزارشتی لێ بکات لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بیروڕای خودی خۆیان دەربڕن بەرامبەر بە بابەتێك، کە گوزارشت بێت لە ڕای تاکەکانی کۆمەڵگە، هاوشێوەی کۆمەڵگای دیموکراسی ئەمە زیاتر لە دەوڵەتانی دیموکراسی دا دەردەکەوێت .

2- ڕایگشتی شاراوە (نادیار): ئەم جۆرە ڕایە شاراوەیە چونکە لە دەوروبەرێکدایە کە دیموکراسی نییەو ئازادی ڕا دەربڕینی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام دەکرێ لە بارودۆخێکدا بگۆڕێ و ببێتە دیار. (ڕوستی، 2007: 28)

3- جۆرێکی نوێی رای گشتی دروست بوو بەناوی رای گشتی سەرشەقام(*)

**4-3. فاکتەرەکانی پێکهێنانی ڕایگشتی:**

بۆ پێکهێنانی ڕایگشتی دەبێت بابەتێك یاداشتێك هەبێت کە جێ ی بایەخی زۆرێك لە خەڵك بێت تاکو ڕای خۆیانی لەبارەوە دەربڕن، ئەمەش پرنسیپێکی سەرەکیە بۆ ناسینەوەی ڕایگشتی، زۆرجار ئەو بابەتەش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت و هەندێ جاریش بە شێوەیەکی کوت و پڕو لەناکاو دەردەکەوێت، پاش ئەوەی خەڵکی لە ناوەڕۆکی بابەتەکە گەیشتن دەبێت هەڵوێست وەرگرن و کاردانەوەی هەبێت لەسەر بابەتەکە، ئەمەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە لە وڵاتە دیموکراسییەکان هەڵوێستەکان ئاشکران بەڵام لە وڵاتە تۆلیتاریەکان شاراوەو نهێنین.

لە پێکهێنانی ڕایگشتی دا کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵی جیاجیا دەگێڕن، بەڵام دیسان ئەم هۆکارانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن ئەو هۆکارانەش بریتین لە.: (صالح، 2006: 36-37)

1- ژینگەی سروشتی: ژینگەی سروشتی یەکێکە لە هۆکارەکانی پێکهاتنی ڕایگشتی و کاریگەریەکی زۆر بایەخداری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، وەك (هەڵسوکەوت و مامەڵە و جۆری بیرکردنەوەو ... هتد)، ژینگەی سروشتی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر سروشت و هەڵس و کەوت و مامەڵە و چۆنیەتی بیرکردنەی تاك و کۆمەڵگا، واتە ئێمە ناتوانین بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکری و ئابوریەکانی کۆمەڵگا دابڕین لە ژینگە، هەروەك ناپلیۆن دەڵێت: " سیاسەتی وڵاتان هەڵقوڵاوی جوگرافیاکانیانن "ە. کەواتە ژینگەی سروشتی کاریگەری پڕبایەخی هەیە لەسەر سیاسەتی ڕژێمی هەر دەوڵەتێك.

2- دابونەریتی کۆمەڵایەتی: هۆکاری دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و بیروبۆچوون دەگرێتەوە، کە ئەمانە هەموو پێکەوە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری پێکدێنن لە کۆمەڵگادا و کاتێك دەیانەوێت ڕایگشتی خۆیان بەرامبەر بە بابەتێك کۆبکەنەوە، ئەم ڕێکخراوە بانگی ئەندامانی دەکات بۆ ئەوەی ڕایگشتی دروست بکات، بیروبۆچوونەکانی دەربارەی ئەم بابەتە دەست بکەوێت، هەموو کەسێك لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەویش کار دەکاتە سەر دروست بوونی ڕایگشتی کە ئەم هەڵس و کەوتانە جیاوازییان هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە هەمان کۆمەڵگادا، هەموو نەتەوەیەك پابەندە بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیەوە بە تایبەت گەلانی زیندو خاوەن شارستانیەتەکان، بۆیە هەمیشە داب و نەریت کاریگەری هەیە لەسەر دروست بوونی ڕایگشتی بە تایبەت ئەو داب و نەریتانەی کە بواری گۆڕانی تێدا نیەو لەسەر یەك ئاست ماوەتەوە .

3- ڕووداو: ڕووداو کە بە کێشەو دۆز یان بابەتی ڕایگشتی ناودەبرێت، لە بنەڕەتدا وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕایگشتی ناوزەند دەکرێت. ئەگەر چی لە ڕووی سروشتی یەوە کار دەکاتە سەر ئاڕاستە و ئاستەکانی ڕایگشتی و مەودای بەربڵاوی و بەهێزی. بۆیە ئەگەر بێت و سروشتی ڕووداوەکە ئاسایی بێت، ئەوا ڕایگشتیش لە ئاست ئاڕاستەیدا و لە بەهێزی بەربڵاویدا بە ئاسایی وەردەگیرێت، ئەگەر بێت و ئاسایی نەبێت ڕووداوەکە، بێگومان ڕایگشتیش لەبەرامبەریدا لە ئاست ئاڕاستەو بەهێزی بەربڵاویدا ئاسایی نابێت، بەو پێیەی سروشتی ڕووداوەکان هۆکارێکی کاریگەر پێك دەهێنێت لە دروستکردنی ڕایگشتیدا، سەرەڕای ئەوەش ڕووداو بۆ خۆی ڕەگەزێگە لە ڕەگەزەکانی دروستبوونی ڕایگشتی .

4- ئاین: ئاین بریتیە لە بیروباوەڕێك کە کۆمەڵگا باوەڕی پێی هەیە و یاسای ڕێك و پێکن، زۆرجار ئاین پەیوەندی هەیە بە جیهانی دوای سروشتەوە کاریگەری ئاین لەسەر ڕایگشتی ئەوەیە کە ئاین یاسایەکی کۆمەڵگایە و کاریگەری هەیە لەسەر ڕێکخستنی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگادا ئەم پەیوەندیە بە یەکەوە بەستراوە ئەگەر بەشێك لەم یاسایە گۆڕا ئەوا هەموو بەشەکانی تریش دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر دروست دەبێت، ئاین تا ئەمڕۆش دەورێکی گرنگی هەیە لە ژیانی نەتەوەکاندا، ئامڕازێکی گرنگە بۆ کارکردنە سەر بیروڕای تاکەکەس و هەڵسوکەوت و پێکهاتنی ڕایگشتی. (سامی،2001: 30)

---

(*) لە ئێستاشدا جۆرێك لە ڕایگشتی دروست بووە بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەتوانیت ناوی بنێیت (ڕایگشتی سەر شەقام) ئەم جۆرە ڕایگشتی یەش دەچێتە ناو ئەو جۆری ڕایگشتی بە پێی بواری بڵاوبوونەوە ، لەبەر ئەوەی لەناو هاوڵاتیاندا بڵاوبووەتەوە کە لەبارەی بابەتێکی گشتیەوە کە زۆرینەی هاوڵاتیان دەگرێتەوە دروست بووە . ئەم جۆرە ڕایگشتی یەش دەچێتە قاڵبی ڕایگشتی هەمە جۆر ، چونکە لە ئەنجامی پابەند بوونی دەستەیەك یان تاقمێك خەڵکەوە سەریهەڵدا بە بابەتێکەوە یان مەسەلەیەکەوە وە پابەندبن بە بەرژەوەندی ئەو دەسەتەیەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی چوارچێوەیەکی هاوبەش هەموو ئەو دەستەو کۆمەڵانە بەیەکەوە دەبەستێت دەکرێ پێشی بڵێین ڕایگشتی کوردی.

5- سەرکردەکان: ئەمانە ئەو کەسانەن کە جەماوەر بۆچوون و بڕیارەکانیان وەك بنەمایەك بۆ بیروباوەڕو هەستەکانیان پەسەند دەکەن، سەرکردە جگە لەوانەی کە وڵات بەڕێوە دەبەن، چەند کەسێکی تر هەن کە ڕۆڵی گرنگی وەك سەرکردە و پێشەوای وڵات دەگێڕن لە ناوچەیەکی دیاریکراوی بچوکدا وەك (مامۆستا، بەڕێوەبەر، زانا، ڕۆشنبیر) کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ژمارەیەك لە خەڵکی بیروڕاو هەڵوێستەکانیان لامەبەستە و لەڕێوە کاریگەر دەبن بەسەر ڕایگشتییەوە.( فیاض، و. فاتیح، 2008: 37)

6- عەقڵانیەت: عەقڵانیەت واتە تاك توانای هۆشیاری و ڕۆشنبیریەکی هەیە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی دێتە ئاراوە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان یان لە دەرەوەبێت، پێکهاتەی مرۆڤ بەشێك تیایدا عەقڵانی یە کە پێك دێت لە زانست و مەنتق بەشەکەی تری ناعەقڵانی یە، کە پێك دێت لە ناهۆشیاری یان لە سەرهەستی یان غەریزەی هەندێك بابەتی پەیوەندیدار بە کاروباری ئاینی و ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی کەسی زیاترن لە هێزو قورسایی و پاڵەپەستۆی عەقڵانیەت. سەرکردەی (ڕا) ی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان هەیە لە پرۆسەی پێکهێنانی ڕایگشتی دا، عەقڵانیەتیش پەیوەستە بە سەرچاوەی ڕاگەیاندن، کە ئەگەر عەقڵانیەت بەکاربهێنرێت لە هەڵبژاردنی مادده و ناوەڕۆکی هەڵبژاردنەکە. ( فیاض، و. فاتیح، 2008: 37)

7- واتەوات: واتەوات کاریگەری هەیە لەسەر ئاڕاستەی ڕایگشتی و کاریگەری هەیە لە وروژاندن و دروست کردنی گومان لای تاکەکانی کۆمەڵ واتەوات لە هەواڵێك یان گێڕانەوەیەك کە دەگوازرێتەوە بۆ خەڵك بەبێ سەلمان لە دروستی بەبێ دڵنیابوون لە ڕاستی ئەو هەواڵ گێڕانەوەیە. بە شێوەیەکی سەرەکی واتەوات بچووك کردنەوەی ڕایگشتی یە و کارکردنە سەر ڕاستی یەکانە لە ڕێگەی نمایش کردن و بەکارهێنانی بەشێك لە ناڕاستی لە زانیاری یاخود ڕوون کردنەوەی ڕاستی یەکان پێش گەشەکردنی. (مولود، 2002: 61-62)

8- بارودۆخی سیاسی: ڕایگشتی هەر گەلێك بەندە بەو سیستمی دەسەڵاتدارییەی کە حکومڕانی دەکات، لە هەردوو سیستەمی دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەت، لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا ماف و ئازادی ڕادەربڕین کۆنترۆڵ دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەمەش وا دەکات کە ڕایگشتی ڕاستەقینەی خەڵك دەرنەکەوێت. نموونەی ئەم سیستەمە دیکتاتۆریانەش وەك: (نازی ئەڵمانیا، فاشی لە ئیتاڵیا و تکریتی لە عێراق و تالیبان لە ئەفغانستان ) کە ئەمانە نوونەی زەقی سیستمی نادیموکراسین، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسی دا ئازادی ڕادەربڕین و ماف هەیە و ڕایگشتی ڕاستەقینەی خەڵك دەردەکەوێت و ڕایگشتی دوورە لە ڕوکەشبوون و بە شێوەیەکی پتەو خۆی دەردەخات و ئاشکرایە دوورە لە توندوتیژی یەوە. (صالح، 2006: 46-47)

9- ڕاگەیاندن و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن: ڕاگەیاندن و ئامڕازەکانی ئامانج و مەبەستێکن کە بۆ کارتێکردن و گۆڕانکاری لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خەڵك بەکاردێن. بە چەشنێك کە ئامانجەکان بپێکێت و بیان هێنێتەدی، بۆیە کاریگەری ڕاگەیاندن ئامڕازەکانی لەسەر ڕایگشتی لە شتە بەڵگە نەویستەکانە، چونکە تاك نەخوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار پێویستە ڕۆژنامە بخوێنێتەوەو یان گوێ لە ڕادیۆ بگرێ یان تەماشای تەلەفزیۆن بکات، بۆیە ڕاگەیاندن هۆکارێکی زۆر گرنگە لە دروست کردنی کۆمەڵدا و کۆمەڵە بوونی نابێ بەبێ پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵە ڕاو ڕایگشتی بوونی نابێ بەبێ کۆمەڵ و بەبێ پەیوەندی و ڕاگەیاندن.(فیاض، و.فاتیح، 2008: 39 -40)

5-3. شێوازەکانی گۆڕینی ڕایگشتی:

پرۆسەی گۆڕینی ڕایگشتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ڕایگشتی چەسپاو و جێگیر نی یە، چونکە ڕایگشتی ئەگۆڕێ بەپێی ڕووداو هۆکارەکان و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر دەگۆڕێت، ئاستی هۆشیاری و ئایدۆلۆژیا کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی ڕایگشتی، چونکە هەڵسانەوەی هزرێکی تازە کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی هەندێ ڕاستی یان زانیاری، ڕووداوەکان و واتەوات و پروپاگەندەو جەنگی دەروونی کاریگەرییان هەیە لە گۆڕینی ڕایگشتی، زانایانی بواری ڕایگشتی کۆمەڵێ شێوازیان داناوە بۆ گۆڕینی ڕایگشتی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. (مولود، 2002: 70)

یەکەم: شێوازی بەدواداچوون و دوبارەکردنەوە

دووەم: شێوازی جووڵاندنی هەست و سۆز

سێیەم: شێوازی خستنەڕووی ڕاستەیەکان

چوارەم: شێوازی بەلادابردنی سەرنجی جەماوەر

4. مێژووی ڕانیەو دەڤەری راپەرین (https://www.uor.edu.krd/about/history-rania)

دەڤەری راپەڕین، لە رووی کارگێڕییەوە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەیە بەناوی (ئیدارەی راپەڕین)، کە (3) سێ قەزا و (8) ناحیە لەخۆدەگرێت.

**4-1. شـاری رانیە:**

★لە رووی کارگێڕییەوە: سەر بە ئیدارەی راپەڕینە، جگە لە سەنتەری قەزاکە و قەزای حاجی ئاوا و هەر سێ (3) ناحیەی: (چوارقوڕنە، سەرکەپکان، بێتواتە) لەخۆدەگرێت.

★لە رووی مێژووییەوە: رانیە خاوەن مێژوویەکی دێرینە، کە چەندین شوێنەواری مێژوویی هەیە، لەوانە: (قەڵاتی رانیە، گردی شمشارە، گردی باسمۆسیان، گردەدێمە، گردی کامەمیان، گردی بۆسکێن، گردی تلێ، گردی نەمرود).

★لە رووی زانستییەوە: شاری رانیە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، کە چەند پەیمانگایەکی جۆراوجۆری تیادا کراوەتەوە، لەوانە پەیمانگای (مامۆستایان، هونەرەجوانەکان، وەرزش، کۆمپیوتەر)، هەروا لە ساڵی (٢٠١١) کاتێك دەست بە خوێندن کرا لە (زانکۆی راپەڕین)، سەرۆکایەتی زانکۆ لەو شارەدا دامەزرا، بەشەکانی (مێژوو، جوگرافیا و فەلسەفە) لە سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان و، بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، کۆمپیوتەر و بیرکاری) لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی (پەرستاری) خرانە سەر زانکۆی راپەڕین، کە پێشتر سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوون و لە شاری رانیە کرابونەوە. دوای فراوانبوونی زانکۆی راپەڕین لە ساڵی (٢٠١٣)دا بەشی (پەرستاری) بوو بە (سکوڵی پەرستاری)، لە ساڵی (٢٠١٦) بووە بە کۆلێژ. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ خوێندنی دکتۆرا لە کۆلێژی پەرستاری کراوەیەوە.

**4-2. شاری قەڵادزێ**

★ لە رووی کارگێرییەوە: قەڵادزێ لە رووی کارگێرییەوە قەزایە بە ناوی (قەزای پشدەر)، سەر بە ئیدارەی راپەڕینە. جگە لە سەنتەری قەزا، لە پێنج (٥) ناحیە پێکهاتووە، کە بریتین لە ناحیەکانی (سەنگەسەر "ناودەشت"، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە).

★ لە رووی زانستییەوە: قەڵادزێ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا (کۆلێژی زمان)ی لێکرایەوە، کە سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوو و، لە بەشەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی) پێکهاتبوو، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کولێژەکەشدا، بەشی (زمانی ئینگلیزی) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا کرایەوە، هەر لە هەمان ساڵدا ناوی (کۆلێژی زمان) گۆڕا بۆ (کۆلێژی پەروەردە).

دوای کردنەوەی (زانکۆی راپەڕین)یش لە دەڤەری راپەڕین (رانیە)، لە ساڵی (٢٠١١)دا (کۆلێژی پەروەردە) بوو بە (فاکەڵتیی پەروەردە) لە زانکۆی ناوبراو. بەشی سامانی ئاژەڵ-یش بۆ ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ کرایەوە. وەک بەشی نوێش لە ساڵی (٢٠١٦)دا (پەروەردە و دەروناسی/ پەروەردە) و (باخداری) کرانەوە.

**5. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

**5-1. پرسیارە گشتییەکان**

یەکەم: رەگەز

**خشتەی (2) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە.**

| ڕەگەز | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| نێر | 38 | %70 |
| مێ | 16 | %30 |
| کۆی گشتی | 54 | %100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکەمان لە (70 %) لە ڕەگەزی نێرەو لە (30%) لە ڕەگەزی مێیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەگەزی مێ زیاتر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن و سامپڵی توێژینەوەکەن.

5-2. تەمەن

**خشتەی (3) تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| تەمەن | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| 18 -22 | 11 | %20 |
| 23-27 | 21 | %39 |
| 28- 35 | 13 | %24 |
| 36 بەسەرەوە | 9 | %17 |
| کۆی گشتی | 54 | %100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەمان لە (20%) تەمەنیان لە نێوان (18 – 22) ساڵیدایە، لە (39%) تەمەنیان لە نێوان (23– 27) ساڵیدایە , لە( 24%) تەمەنیان لە نێوان (28 – 35 ) ساڵیدایە و تەمەنی (36 سال بەرەو سەرەوە ) (17) . کەواتە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (23-27) ساڵیدا زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکەیە .

5-3. شوێنی نیشتەجێبوون

**خشتەی (4) شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.**

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| قەزا | 24 | %44.45 |
| ناحیە | 30 | %55.55 |
| کۆی گشتی | 54 | %100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە (44.45%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دانیشتووی قەزا، وە لە (55.55%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دانیشتووی ناحیەکانن.

5-4. ئاستی بژێوی

**خشتەی (5) ئاستی بژێوی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.**

| ئاستی بژێوی | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| بەرز | 12 | %22 |
| مامناوەند | 20 | %37 |
| نزم | 22 | %41 |
| کۆی گشتی | 54 | %100 |

لەم خشتەیەدا ئاستی بژێوی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دەردەکەوێت , لە (22.%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان بەرزە , لە (37%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان مامناوەندە, لە (41%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان نزمە.

6. خستەڕوو شیکردنەوەی زانیاری تایبەت بە توێژینەوەکە

6-1. ئایا سوشیال میدیا بەکار دەهێنیت؟

**خشتەی (6) بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.**

| بەکارهێنانی سۆشیال میدیا | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| بەڵێ | 46 | %85 |
| نەخێر | 8 | %15 |
| کۆی گشتی | 54 | %100 |

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تا چەند سامپڵی توێژینەوەکەمان سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن، ڕێژەی (85 %) لای نمونەی توێژینەوەکەمان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و سۆشیال بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (15%) لای نمونەی توێژینەوەکەمان بەکاری ناهێنن.

6-2. هۆکاری بەکارنەهێنانی سوشیال میدیا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**خشتەی (7)هۆکاری بەکار نەهێنانی سۆشیال میدیا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| هۆکاری بەکارنەهێنان | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| کاتم نیە | 4 | %50 |
| لێی نازانم | 2 | %25 |
| هی تر | 2 | %25 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

لەم خشتەیەدا هۆکاری بەکارنەهێنانی سۆشیال میدیا لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژەی (50%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کاتیان نیە بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، (25%) یان لێی نازانن یا بەهۆکارێکی تر ناتوانن سۆشیال میدیا بەکار بهێنن.

6-3. چەند کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنیت؟

**خشتەی (8) کاتژمێری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| چەند کاتژمێر | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| 1بۆ 2 | 22 | %48 |
| 3بۆ 5 | 9 | %19 |
| لە 5 زیاتر | 15 | %33 |
| کۆی گشتی | 46 | %100 |

لەم خشتەیەدا کاتژمێری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی (48%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (1 بۆ 2) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (19%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (3بۆ5) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (33%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (لە 5 کاتژمێر زیاتر) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن.

6-4. ماوەی چەند ساڵە بەکارهێنەری سوشیال میدیایت؟

**خشتەی (9) ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ماوەی بەکارهێنان | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە ساڵێك | 3 | %.6 |
| 1بۆ 5 | 16 | %35 |
| زیاتر لە 5 ساڵ | 27 | %59 |
| کۆی گشتی | 46 | %100 |

لەم خشتەیەدا ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, کە ڕێژەی لە (6.%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کەمتر لە ساڵێکە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی (35%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (1 بۆ 5 ساڵ) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی (59%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (زیاتر لە 5 ساڵە) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن.

6-5. بۆ چ مەبەستێك سوشیال میدیا بەکاردەهێنیت ؟

**خشتەی (10) مەبەستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| مەبەستی بەکارهێنان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| پەیوەندی کردن | 24 | %52 |
| وەرگرتنی زانیاری | 8 | %17 |
| کات بەسەربردن | 9 | %20 |
| هی تر | 5 | %11 |
| کۆی گشتی | 46 | %100 |

لەم خشتەیەدا مەبەستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە، ڕێژەی لە (52%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی پەیوەندی کردن سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی لە (17%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاری سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، ڕێژەی لە (20%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، ڕێژەی لە (11%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی تر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن.

6-6. سۆشیال میدیا بوەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا ؟

**خشتەی (12) ئایا سۆشیال میدیا بوەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا نمونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو**

| هۆکارێکە بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | 8 | %17 |
| کەم | 26 | %57 |
| تاڕادەیەك | 12 | %26 |
| کۆی گشتی | 46 | %100 |

لەم خشتەیەدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئایا تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا نمونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، وە ڕێژەی (17%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا، وە ڕێژەی (57%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وانیە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا، وە ڕێژەی (26%) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان تارادەیەك پێیان وایە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی فیکر و ئایدیا.

**دەرئەنجام:**

1- بەرێژەیەکی بەرچاو لە ناوچەکە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنرێت, کە بەرێژەی (85 %)ە لەبەرانبەر (15%)یە.

2- سۆشیال میدیا هۆکارێك نیە بۆ دروستبوونی رای گشتی لە ناوچەکە و گۆرینی فیکر و ئایدیا ئەمەش بە رێژەی (69.5%) رایان وابوو کە نەخێر نابیتە هۆی گۆرین.

3- رێژەیەکی زۆری هاوڵاتیانی دەڤەرەکە سۆشیال میدیا تەنها بۆ پەیوەندی کردن بەکار دەهێنن کە رێژەی (52%)یە.

4- کاتژمێری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەدەڤەری راپەرین بە رێژەی ( 47%) کەمرە لە (1-2) کاتژمێر.

5- ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە (5ساڵ زیاتر) بە رێژەی (58.6%).

پێشنیار و راسپاردە:

1- بۆ ئەوەی زیاتر ناوچەکە ئاشنا ببێت لە سۆشیال میدیا سەنتەرەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچەکە هەستن بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ئەوەی سۆشیال میدیا لە ناوچەکەدا تەنها بۆ پەیوەندیکردن بەکاری نەهێنن.

2- بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا دەبێ لەو ئایدیا ناوچەییە بچنە دەرەوە و هەنگاو بنێن بەرەو ئاشنابوون بە کرانەوەی شارستانێتی لەناو تاکەکاندا بۆ ئەوەی سۆشیال میدیا ببێتە هۆی گرین و دروستبوونی رای جیاواز.


**سەرچاوەکان:**

**پەرتووکە کوردییەکان:**

1. إبراهیم، ع. (2009) *رۆڵی رۆژنامەگەری کوردی لە دروستبوونی بریاری سیاسیدا.* هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.
2. أحمد، ع. (2009) *رایگشتی، ئاراستە جیاوازەکانی.* سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
3. زەڵمی، ا. (2009) *لەمپەرەکانی بەردەم دروستبوونی رایگشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.* سلێمانی: چاپخانەی سیما.
4. صالح، م. (2006) ، *بنەما تیۆریەکانی رایگشتی و راگەیاندن.* سلێمانی: چاپخانەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی، ن، ك).
5. فیاض، ع. و. فاتیح، ف. (2008) *رایگشتی.* سلێمانی: چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم.
6. مولود، س. (2002) *رۆڵی رۆژنامە لە خوڵقاندنی رایگشتی خوێندکاران.* سلێمانی: چاپخانەی وشە.

پەرتووکە عەرەبییەکان:

1. الاسود، ص. (1991) *الرأی العام ظاهرة اجتماعیە و قوة سیاسة.* بغداد: مطبعة دار الکتب للطباعة و النشر، مطبعة جامعة بغداد.
2. البدوي، م. (2006) دراسات سوسی و اعلامیة. جامع البرسون : جامعة اسکندریة.
3. حاتم، م. (1972) *الرأی العام.* القاهرة: مکتبە الانجلو المصریة.
4. حافظ، م. (2009) *التسویق عبر الانترنت. القاهرة:* دار الفجر للنشر و التوزیع.
5. خلیل، م. (2006) *معجم علم اللجتماع المعاصر.* عمان: دار الشروق.
6. الدلیمي، ع. (2001) *الاعلام الجدید الصحافة الالکترونیة.* الاردن: دار الوائل للنشر والتوزیع.
7. سامی، ع. (2001) *الرأی العام و الإشاعة.* بیروت-لبنان: أفریقیا الشرق.
8. سمیسم، ح. (1992) *نظریة الرأی العام.* بغداد: مدخل/ دار الشؤون الثقافیة عامة.

گۆڤار:

1. ڕوستی، ن. (2007) بەهاکانی ڕایگشتی ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا، *گۆڤاری ڕۆژنامەوان*، ژمارە (4)، ل. 8-12.
2. عثمان، س. (2007) فاکتەرەکانی دروستبوونی ڕایگشتی لای خوێندکارانی زانکۆ، *گۆڤاری خامە*، ژمارە (5)، ل. 4-7.

ماڵپەرەکان:

1. زانکۆی راپەڕین. (2022) *مێژووی ڕانیەو دەڤەرەکە.* دەستدەکەوێت لە: https://www.uor.edu.krd/about/history-rania (رۆژی سەردان 2022/10/8).

**دور وسائل التواصل الاجتماعي في تعزيز قيم المواطنة وخلق الرأي العام في إدارة رابرين**
**بحث ميداني تحليلي**

**دانا عثمان حسين**
كلية الأداب و الفنون - قسم الإعلام / جامعة جيهان
Dana.othman@cihanuniversity.edu.iq

**ملخص**

يوجد رأي عام في كل مكان يوجد فيه مجتمع ، لكن قوة وقدرة وشخصية التطور تتغير وفقًا لمستوى وعي حضارة ذلك المجتمع وتطورها ، ومن ثم ستلعب وسائل التواصل الاجتماعي ، باعتبارها التأثير الأقوى ، دورها. في المجتمع. ينتقد الرأي العام مطالب الناس وحاجات الأهداف والآراء ، ووجهة نظر الناس في تحديات ومشاكل كل مجتمع. يعتبر سكان كل مجتمع واعين بذواتهم ، والأعضاء على دراية بأي حدث وأسباب تمنحهم الإثارة والمنظور.

في مجتمع اليوم ، يعتبر الرأي العام ووسائل التواصل الاجتماعي أمرًا حاسمًا لترسيخ قيم المواطنين وإنتاجها ، فضلاً عن بناء وتوسيع نظام السلطة وآراء الناس ، لا سيما في النظام الديمقراطي. من أجل التعبير بحرية عن احتياجات الناس في الشؤون وعملية صنع القرار ، من الضروري أيضًا المشاركة في الرأي العام كمانح. ومع ذلك ، على الرغم من امتلاك جميع الأدوات اللازمة لإنشاء هذه المجموعة بالطريقة الصحيحة ، فإن العقبات ستقف حتمًا في الطريق وستؤدي إلى انحرافها عن مسارها.

**الكلمات المفتاحية**: الدور ، وسائل التواصل الاجتماعي ، قيم المواطنة ، الرأي العام

**The Role of Social Media in Promoting Citizenship Values and Creating Public Opinion in Raparin Administration**
**An analysis field research**

**Dana Othman Hussein**
College of Arts and Letters - Department of Media, Cihan University
Dana.othman@cihanuniversity.edu.iq

**Abstract**:

There is public opinion everywhere there is a society, but the power, capacity, and character of the development alter according to the level of awareness and development of that society's civilization, and then social media, as the most powerful influence, will play its part in the society. Public opinion criticizes the demands of people and the needs of the aims and opinions, the people's point of view on the challenges and problems of each community. The inhabitants of each community are considered as self-conscious, the members are aware of any event and causes that gives them excitement and perspective.

In today's society, public opinion and social media are crucial for establishing and producing citizens' values, as well as building and expanding the system of authority and people's views, particularly in the democratic system. In order to freely express the needs of the people in the affairs and decision-making process, it is also necessary to participate in public opinion as a donor. However, despite having all the tools necessary to create this group in the right way, obstacles will inevitably stand in the way and cause it to veer off course.

**Key words**: role, social media, citizenship values, public opinion